Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: cn=Kurdistan Net,
o=Kurdistan Net,
ou=www.kurdistannet.org, c=NL
Date: 2002.04.20 01:21:37 +01'00'

# ئەنفال گەیشتە ( Finland )یش

Ebas SHIWAN
a.shiwan@kurdpost.com

ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی زۆر نابێت لەلایەن ژمارەیەك کەسایەتی بواری ڕۆشنبیرییەوە دامەزرێنراوە ، وەك لەسەرەتاوە دیارە دەیەوێت لەبوارەکەی خۆیدا چالاك بێت . پێکهاتنی 02.2.19 هاوکاتە لەگەڵ نزیك بوونەوەی یادەکانی ئازار و نەورۆز ، هەوڵدان بۆ پشکداری و هەڵ قۆزتنەوە بۆ ئیبزارکردنی خۆ ، سیاسەتێکی درووستە . هەر لەو دیدەوە بوو ، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 02.4.13 لە شاری Helsinki بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی ئەنفال و هەڵەبجە ، لەژێر دروشمی ( **ڕۆژێکی نارەزایەتی دژ بە پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد** ) دیاری کرد .




بەڵێ ، لەکاتی دیاری کراودا ژمارەیەك کوردی دڵسۆز و چەند کەسێکی فینلەندی و عەرەبی پێشکەوتوخوازی ئێراقی ئامادەبوون و یادەکە لەلایەن کارگێری کۆڕەکەوە Hesen Zekî یەوە بە ڕاوەستان خولەکێك هاوئاهەنگ لەگەڵ موزیکێکی خەمناك بۆ گیانی قوربانیانی هەڵەبجە و ئەنفال دەستی پێکرد و کرایەوە.

Salar Sofî سەرۆکی ناوەندەکە لە وتەیەکی کورتدا ، وتی: ... بارگشت پێکەوە لەم ولاتە ساردوسرەدا پەیوەندییەکانمان گەرموگوڕ بکەینەوە بەرەو داهاتوویەکی ڕوونتر ....

Mhemed Xwrshî Kerkwkî ، باسێکی بە ناونیشانی ( **ئەنفال ترۆپکی پراکتیك کردنی گێنۆساید بوو لە دژی کورد**) پێشکەش کرد :

... قوورسایی کارەساتەکە بە پێی دیکۆمێنت و شاهیدەکان ئەگەر لە هۆلۆکۆسی جولەکەکان زیاتر نەبێت کەمتر نییە ... بەعسی دڕندە هەرلەسەرەتای دەسەلاتیانەوە بەم شێوەیە ڕوانیویانەتە کورد ، هەروەك لەم تەعمیمە ناوخۆییەدا هاتووە : دەبێت زۆر ئاگادرا بێن لەگەشەسەندنی ڕەگەزی کورد لەچاو ڕەگەزی عەرەب ، ئەمەیش ترسێکی ستراتیجی گەورەی بۆ دواڕۆژی ئێراق و نەتەوەی عەرەب

دەبێت ... بەر لە جەنگی دژ بە ئێران بەبیانووی شناسنامەوە کەوتە گرتن و دەرکردن و بێسەروشوێن کردنی کوردە فەیلییەکان ... لە ساڵی 1981 دا من بۆ خۆم کە زیندانی بووم ، شاهیدی زیندانی کردن و بینینی کۆمەڵێ کوردی فەیلی بێسەروشوێن کراوم ... لەساڵی 1983 دا ، زیاد لە 8000 بارزانی ئۆردووگای قوشتەپە بەبیانووی گوایە KDP هاوکاری ئێرانی کردووە ، سەدامیش زۆر ڕاشکاوانە ، وتی : کوردە بارزانییەکانمان بۆ دۆزەخ نارد ... عەرەبە ئێراقییەکان بەپلەی یەکەم بوونە خۆراکی جەنگی ئێران و ئێراق ... سەرانی بەعس نەیان دەشاردەوە بە کوردیان دەووت : با لەجەنگ بینەوە ئەوکاتە خۆتان دەبیننەوە ! ئەو هەرەشەیەش تەنها لەبەر ئەوەبوو کورد زیانی گیانی کەم لێکەوتبوو ، جەنگەکەی بە هی خۆی نەدەزانی ... تیمی میدل ئیست وۆچ ، دەڵێ : (... ئەگەر چی سکاڵای قەبەی کوردان وا دێتە پێش چاو خەیاڵی بێت و جێی متمانە نەبێت . بەڵام ، پێدەچێت ئەو سکاڵایانە هێشتا کەم بن لەچاو ڕاستییەکاندا بۆ ئەو بێگانانەی لەدەروە ، شوێن کاروباری کورد کەوتوون ...) گینۆساید لەم سێ هەنگاوەدا بەرجەستە دەبێت : 1/ دەستنیشان کردنی گروپ یان کۆمەڵ . 2/ کۆکردنەوەیان لە شوێنێکی دیاری کراو . 3/ گرتن و کوشتن و سەرنگوم کردنییانە !! ... ناسیونالیستانی عەرەب توانیویانە ئایینی ئیسلام بخەنە خزمەت پرۆژە دڕندانەکانی خۆیان ...





ئایینی ئیسلام مایەی کارەسات نەبووە ، ئەو دیدە سواوە و گوزارشت لە پوکانەوەی تاکی کورد دەکات ، ئەو بڵێ چی کورد خۆی هەوڵی نەداوە و لە ئەسڵیشدا هیچی نەبووە ... پێویست ناکات بەدیدی سەردەمی شۆڕش و شاخەوە معامەلە لەگەڵ بەشداربووانی ( جاش ) پرۆسەی ئەنفال بکرێت ... کورد قوربانی بەرژەوەندییەکانە ...

* * *

Xesrew Pîrball، بەبێ ئەوەی لە دەلیلەکەدا ناوی هاتبێت ، نەزانرا چۆن وا بە پەلە پرۆزێ خۆی خزاندە ناو هێڵەوە ، لە سەرەی Mhemed Xwrshî Kerkwkî یشدا بۆڵەبۆڵ و فسکە فسکی و پەلەپەڵ کردن و وەخت کەمەی خوڵقاند !! گوایە باسێك لەسەر ئەنفال پێشکەشی دەکات ، هەروەك خۆشی ، وتی : بابەتەکەی وتارێکە ( دەرسێك لە هەڵەبجە ) لە فلان و فیسار ماڵپەر و گۆڤار

بڵاوکراوەتەوە ، بۆ ئامادەبووانی باس دەکات . ئەمە سەرەرای ئەوەی میوانی ناوەخت بوو ، کەچی بەشێکی کاتەکەی بۆ ئیدعایەی حیزبی تەخان کرد !!

... کە باس لە کارەساتی کیمیابارانی **هەڵەبجە** دەکرێت نابێت دەست درێژ بکرێت بۆ هێزە کوردییەکان و تاوانیان بدرێتە پاڵ ، باشتر وایە برینەکان سارێژ بکەین ... نامەوێ بە نووسین ناکۆکییەکانی نێوانمان قووڵ بکەمەوە ... هاوکاری ئێران لەو کارەساتەدا لەبەر چاوی کاڵی کورد نەبوو ... بانگەشەی نووسینەوەی نوێی مێژوومان دەکەم ...



Amadebûwanî yadî ENFAL

* * *

سترانبێژ **Kardo Shêxo** ، بۆ ماوەیەك بە تارە و دەنگە بەسۆزەکەی گۆرانییەکی خەمباری چڕی ...

* * *

**Salar Sofî** ، باسێکی بە ناونیشانی ( **پاکتاوکردنی رەگەزی کورد ، ئاکام و هەڵوێست** ) پێشکەش کرد :

... پاکتاو کردنی رەگەزی بەر لە ئەنفال و هەڵەبجە دەستی پێکردووە ... پاکاتو کردن چەند لایەنەیە ...هاتنی ئیسلام زاڵ کردنی کەلتوورێکی تر بوو بەسەر کورددا... لە ئۆپراسیۆنی ئەنفال هەروەك لە قورئاندا هاتووە و بەعس دەقاودەق بەئەنجامی گەیاند ئەوەیە کورد کافر و ئەوان ئیسلام و دیندار ، بۆیە هەقی بەخۆیدا ئەو کارە بکات ... ئەو عەرەبانەی کە دەهێنرێنە کوردستانەوە تاوانباری یەکەم نین ئەوانە قوربانیین و بەشێکیان خەڵکی ناڕازی بوون ، لە زێدی خۆیان نەفی کراون ... **سەلاحەدینی ئەییوبی** خزمەتکاری عەرەب بووە ... بە مەبەستی سڕینەوەی شوێنەوار تەنانەت کێلی سەر گۆڕەکانیشیان کردووە بە عەرەبی ... کۆرەو بڕیارێکی بێ بەرنامە و نەخشە بوو ڕێی لە قڕ کردنمان گرت ... کۆرە و ڕاگەیاندنی جیابوونەوەی کوردستان بوو ... ئێستا لە 7٪ دا ژینگەی کوردستان بەهۆی ئەنفال و کیمیاوی بارانەوە ژەهراوییە ... یەك وڵاتی ئیسلامی و عەرەبی بەدەنگ کارەساتی هەڵەبجەوە نەهاتن ... هەنگاوەکانی دەسەڵاتداران بۆ سووك کردنی مەینەتییەکانی کەسو کاری ئەنفال بەس نییە ... لە زەمانی بەعسدا سیاسەتی خوێندن بە کوردی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان وەك یەك نەبوو ...

*                    *                    *

Drexshan Elî – سكالاَى شيرين له زيندان ، Urya Mezher – چەند كورتە شيعر ، Rêbwar Kerîmî – پەردەيەك بۆ پێكەنين ، Kardo Shêxo – ...... ! . هەر يەكە بەدەورى خۆيان بەرهەمى شيعرييان هاوئاهەنگ لەگەڵ ئاوازى ميوزيكى رۆمانسى بە دەست و پەنجە Bextyar Heîder پێشكەش كرد.

*                    *                    *

دواهەمين بەش بۆ نووسەرى عەرەبى ئێراقى پێشكەوتوخواز Yousf Ebw Elfewz تەرخان كرا . لەماوەيەكى كورتدا ئيدعايەى بۆ ڕۆمانێكى خۆى بە ناوى ( ئەاتفال ئەنفال )ەوە كرد و بڕيارە بەم نزيكانە لە دەزگاى ئاراس چاپ وبلاَوبكرێتەوە.

**گفتوگۆكان :**

Xesrew Pîrball ، ... پێى باش بوو لە جياتى وشەى ئەنفال ، قڕكردن يان قەتلوعام بەكار بهێنرێت ... هەروەها ئاماژەى بە چەند هەوڵ و سەرچاوەى تر كرد كە دەرِژێنە هەمان خانەوە ... لەگەڵ زمانى كوردى پاراودا نيم ... لەپەرلەمانى KDP ماڤ بە ژنانى پاشماوەى ئەنفال داوە ، شوو بكەن .بەلاَم ، پياوانى ئاينى ڕازى نيين ... من بە شانازييەوە پارتيم بەلاَم بە ئازادانە بير دەكەمەوە ... بە دوژمن زانينى ولاَتانى دراوسێ هەڵەيە ...



Pêshangaî fotografî HELLEBCE

Ebas Shiwan ، ... هۆى بەئەنجام گەياندنى ئۆپراسيۆنى ئەنفال دەگەڕێتەوە بۆ ئۆپۆزسۆن بوونى لە مێژينەى كورد ... بەكارهێنانى تەعبيرى ئێمەى عێراقى و ناو نەهێنانى كوردستان وەختى بەسەر چووە . ئێستا تەنانەت لەڕاگەياندنى عەرەبەكاندا كە باس لە ناوچەكەمان دەكەن نالێن شمال ئێراق بەڵكوو وشەى كوردستان بەكار دەهێنن ... شوورەييە كورد بلێ ئێراقيم... ديارەدەى دەركردنى كورد بۆ حەفتاكان چەرخى ڕابردوو دەگەڕێتەوە ... نەك شاروشارۆچكە و ديهاتەكان ، بەتەما بوون شارە گەورەكانى سلەيمانى و هەولێر و دهۆكيش لە كورد خالى بكەن بمانبەن بۆ سۆماڵ ... سەرانى عەرەبى ئێراقى شارەزاى ئەدەبياتى نازييەكانى ئەڵەمانيا بوون ، بۆيە ئەمانيش گينۆسايدى كورديان بە ناوى ڕەگەزى پاكى عەرەبى و پارێزگارى لە دەروازەى ڕۆژهەلاَتى نەتەوەى عەرەبەوە دەست پێكرد ... دەسەلاَتداران بە پێچەوانەوە هەميشە كە بەرپرسێكى بچووكى ئێرانى دەبيين ، دەست بەماستاو

سارد کردنەوەی بێمانا دەکەن: (... ئێوە هاوکار و یارمەتی دەرێکی بەوەفای ئێمە بوون ... ) دەبێت کەموکوڕییەکانی هێزە سیاسییەکان لە ئێستا و کۆندا بەبێ پەردەپۆش کردن و بروبیانوو هێنانەوە بخرێنە ڕوو ... لە ڕووداوی هەڵەبجەدا ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەلات ( کۆمەڵە ) تیاچوون . بەلام ، بە هاوکاری PUK گیانی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی (KDP – ڕۆژهەلات) ڕزگار کرا.. مایەی خۆشحاڵییە کەسێکی عەرەب هەق بە کورد دەدا و داوای دروست کردنی دەوڵەتی کوردیمان بۆ دەکات ، بەلام کاریکاتێرێکی پێکەنینهێنەرە ، لەم ڕۆژانەدا سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باشوور ، چێکردنی دەوڵەت بۆ عەرەبە فەلەستینیەکان بەڕەوا دەزانن و داوا دەکەن . بەلام ، بۆ خۆیان نەء !!! ئەو 10 ساڵە ئازادییەی کوردستانی باشوور بەر رەنج و یەکێکە لە ئاکامە جوانەکانی قوربانیانی ئەنفال و هەڵەبجە و هەزارەها گیانبەختکردووی ترە ... هەردوو ئیدارەی کوردستان هەوڵیانداوە وەلام بە کێشە پاشماوەی ئەنفال و هەڵەبجە بدەنەوە ، باس کردنی کاری لایەك و نەبینینی ئەوی تر تەحەیوز دروست دەکات . لەبەری سلەیمانی – PUK موچەیان بۆ کەس و کاری ئەنفالکراو بڕیوەتەوە .

Seryall ، ... پێی وابوو تاکی کورد لەناو ئەنفالدا دوور و نزیك ژیاوە . ئەوەی پێویستە کاری لەسەر بکرێت چەمکی مەعریفی ئەنفالە ... لە ڕووە لۆجیکییەکەی نا بەڵکوو لەناو مەعریفەدا بۆی بگەڕێین ... کەسێك نییە لەژێر پرۆسەی ئەنفالی ئەعلیقدا نەژیابێت ...

Kardo Shêxo ، ... هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان داگیرکەرن ، لە ئەسڵدا وڵاتی خۆیان نییە ، بێجگە لە وڵاتانی کەندا ... ئەوەی کوردی تێك داوە و بن دەست کردووە ئیسلامە ...

پیاوێکی بەتەمەنیش ، ... ئەو بەکرێگیراوە کوردانەی لە پرۆسەی ئەنفالدا بەشداریان کردووە وەبیر هێنایەوە ...

Rêbwar Kerîmî ، ... ئەنفال و کوردایەتی و یەکێتی لەو درۆیانە کە تیایا دەژین ، سەرو بنی زمانمان یەکگرتن و خۆشەویستی وڵات . بەلام ، هەموو ناکۆکین و خراپەی دەهەق دەکەین ... ئەنفال وەك لێدانێکی بەهێز وایە دراوە بە مێشکماندا و گێژی کردووین ...

پیاوێکی کرمانجی بەتەمەنی تریش ، ... ئەوەی دەربڕی بۆ زلهێزەکانی جیهان گەرماوگەرم لەو کارەی حکومەتی بەغداد نەهاتنە قسە ؟

Hesen Zekî ، ... لە نێوان ئێمە و عەرەب و فارس و تورك کارێکی وا کراوە ژیان زەحمەت بووە ، لەجیاتی دنیایەك ناکۆکی و دوژمنایەتی دەبووایە خۆشبەختی و دۆستایەتیمان بکردایە ،

بگەڕێینەوە بۆ مرۆڤایەتی و یەکسانیخوازی و کاری موسبەت ... تاکەی یەکتر بکوژین ، مێژوو پڕیەتی لە ئەنفال ... داکۆکی کردن لەسەر میللی گەرایی شانازی نییە ... من جیاوازی لەنێوان رەگەزەکاندا نابینم ، هەموو مرۆڤین ... ئارەزوو دەکەم پێکەوە دۆستانە بژین . بەڵام ، گەر مومکین نییە هەقی خۆمانە جیا بینەوە ، هەقی خۆمانە ماڵی خۆمان هەبێت ... هەریەکەمان بەهرەمەندین لە تایبەتمەندی ...هیوادارم حکومەتی کوردستانی دیموکراتخواز و یەکسانیخواز و بەشەردۆست دابمەزرێت ... حکومەتی بەغداد حکومەتێکی جەنگەڵییە بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە تەنانەت نزیکترین کەسی خۆی دەکوژێت .. بۆ ستەم هەمیشە بیانوویەك دەدۆزرێتەوە ... لایەنە کوردییەکانیش ئەوندە جێی بەرگری لێکردن نیین ... ئەبێ ئەوە کۆتایی پێبهێنرێت یەك نەفەر دەسەڵاتی پارتێکی بەدەستەوە بێت ... بنەماڵەی مستەفا بارزانی بەهەر مێژوویەکەوە هەیان بووە دەسەڵاتدارن ... شەقی دیکتاتۆریەتمان زۆر خواردووە بۆیە ئەبێت لایەنگری دیموکراتی بین ... یاساکانی حکومەتی ئێراق کە لەسەر بنەمای ئیسلامییە ، لابرێت ... بۆ من کورد ئەساسە ... هیوادارم KDP و کۆمەلە.. بوون نەمان وروژێنێت بەڵکوو ، ئینسانی بوون بمانووروژێنێ ...

Mhemed Xwrshî Kerkwkî ، ... لە چێکردنی پەرلەمانەوە خیتابی یەگرتووی دەسەڵاتدارانی کورد هەیە ... گوتاری ڕۆشنبیران هەمەرەنگ و جیاواز بێت باشترە ... دابەشکردنی کوردستان ناچێتە قالبی گینۆسایدەوە ... رێکەوتنانەی شوومی جەزائیر بە هۆی سەرەکی دانانرێت بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی ئیران ئێراق ...

مامۆستا Ferec ، لەسەر وەزنی دڵ و قودسەکە من شاری کەرکوك بە دڵخیسی کوردستان دەشوبهێنم ... لەباری مێژوویەوە چەند خاڵێکی ڕوونکردەوە ... ئەو کارانەی سەدام کردویەتی دەرهەق بە کورد هێتلەر نەیکردووە ...

Huseîn ، عەرەبێکی پێشکەوتوخواز بە زمانی عەرەبی تێبینیەکانی دەربڕی : ... ئەوە دیکتاتۆریەتە وای کردوو من نەتوانم بەکوردی بئاخافم ... مەسەلەکەتان گەر ڕێم بدەن بیڵێم ، هی ئێمەیشە ... بمانەو و نەمانەوێت دەبێت چارەنووسی ئێوە وەك ئەوەی خۆتان گەرەکتانە لە پێکهێنانی دەوڵەتدا دیاری بکرێت ، هەرچەندە لەوانەیە لەگەڵمدا نەبن ... گەر نەوێرن بیڵێن لە هەست و سۆزی یەکەبەیەکەتاندا دەبینرێت ..

کوردستانییەکی ڕۆژهەڵات ، پرسیاری ئەوەی کرد حکومەتی ئێراق هەموو هەوڵێکیدا بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد بن بڕ بکات بەڵام بۆچی خوێندن و نووسین بە کوردی لە قوتابخانەکاندا هێشتەوە ؟

Tarîq Xalîd Kerkwkî ، KDP بە بنەماڵە ناودەبرێت گوایە دەسەڵاتدارن ، ئەو بۆچوونە هەڵەیە... مەلا مستەفای ڕەحمەتی پارەی نەداوە بەکەس هەڵیبژێرێت کۆنفرانس هەڵی بژاردووە ... ئیتر دەبێت چ دکتاتۆریەتێك لەناو پارتیدا هەبێت... لە هەڵبژاردنی کوردستانیشدا سەلما ..بە خاتری ئەنفال هاتووین ، بۆ ئەوە نەهاتووین گوێ لە هێرش کردنە سەر ئەملایەت و ئەو لایەن بگرین. هیوادارم ئەو تەعبیرەی کە KDP هی بنەماڵەیە دووبارە نەبێتەوە ...

**چەند خاڵی دیکە و تێبینیەکان** :

1 / باسکەی Mhemed Xwrshî Kerkwkî ساڵی ڕابردوو ڕێکەوتی 01.4.12 لە شاری Lahti بۆ یەکەم جار لە ئێوارە کۆڕێکدا پێشکەش کرا . لەگەڵ باسەکەیدا نەخشەی ئۆپراسیۆنەکانی ئەنفالی بە عاریزە پیشاندا . هەر لە تریبیونەکەوە بێزاری لە گۆڕینی بەرنامەکان و فشار و کاتدزین دەربڕی .

2 / پێشانگای وێنەی فۆتۆگراف و فلیمێکی دیکۆمۆنت لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە نمایش کران .

3 / باسەکان و وتووێژەکان خاڵ بەخاڵ وەرنەدەگێڕرا ، Hesen Zekî بۆ فینلەندییەکان ناڕاستەخۆ ئەرکی وەرگێرانی ئەنجام ئەدا ! ئەمە لەکاتێکدا لە کۆبوونەوەی فینلەندییەکاندا گەر یەك بێگانەی تێدا بێت وەرگێرێکی بۆ ئامادە دەکەن ! عەرەبەکان ئەو لایەکەمەشیان لێنەکرایەوە . بەڵام ، تا کۆتایی دانیشتن !

4 / ناوەند نیشانەیەکی پرسیاری لەسەرە ، کە ڕێکخراوەیەکی نزیك بە ( KDP )ە . لەم کارەدا هەژموونی ئەوە پارتەی بە ئاشکرا خۆی دەنواند ، بەوەی ڕۆژنامەی برایەتی دابەش دەکرا و لەسەر مێز دانرابوو ، Xesrew Pîrball لە هەموو قسەکانیدا بەدەستی ئەنقەست هەوڵی دەدا ئیبرازی پارتەکەی بکات . لەبەرامبەر ناوهێنانی کارێکی پۆزەتیفی ( PUK )دا Tarîq Xalîd Kerkwkî ی نوێنەری KDP بێئەوەی ڕێز لە پرینسبی نۆرە بگرێت قسەی بە من بڕی . لەبەرانبەر Hesen Zekî شدا پۆلیسئاسایانە هەڵیدایە !! تەنها لەبەر ئەوەی KDP بە موڵکی بنەماڵەی بارزانی شوبهاتد !

ئەوەی گومانی نەهێشت Salar Sofî لەجیاتی بەرگری کردن لە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ، ماستاوی سارد کردەوە بۆ نوێنەرەکە گوایە ئەوە دیدی ناوەند نییە ! جا گەر ناوەند وا بڕوات هەر لە ئێستاوە فاتیحا بۆ گیانی پاکی .
لە پشت پەردەوە هەر ئەو نوێنەرە ئامادەی هاوکاری هەمەلایەنەی بۆ ناوەند خستە بەردەم سەرۆکی ڕێکخراوەکە !
5 / Xesrew Pîrball لە زۆر شوێندا شانازی بە ئەندام بوونییەوە دەکات !! ئەندام بوون لە هەر پارتێکدا وەختێ جێی خۆ پێوەبادانە کە لەشاخ بێت یان لەشۆڕشدا بێت تووشی هەزاران حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگدا بووبێتەوە. ئەو کەسەی لە پارتێکی دەسەڵاتداردا بێت و کوری جادەی قیر بێت بۆ بازرگانی و بەرژەوەندی و شتی تر چووە . کەسێکیش بە مانای وشە خوێندەوار و پەیامی ڕووناکبیری هەڵگرت بێت توخنی ئەو پارتانە ناکەوێت .
6 / جوانترین و ناسکترین بەشی یادەکە هەرچەندە لە کۆتایدا بوو ، کۆڕە شیعرییەکە بوو . یەکێ لە شاعیرە لاوەکان بێزار و تورە ببوو ، بە تکای میوانەکان ئینجا شیعرەکەی خوێندەوە .
7 / ....................
8 / ....................

02.4.18